زیاتر لە 185 هەزار خوێندکار لە لێزانکە و پێیمانگاکان وەرگیران



ئەمڕۆ یەکشەممە، نەعیم عەبودی، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕایگەیاند کە 185416 خوێندکار،لە ڕێگەی کۆنانەکانی وەرگرتنی ناوەندییەوە لە زانکۆکانی عێراق وەرگیراون.

عەبودی لەمیانی ڕاگەیاندنی ئەنجامی وەرگرتنی خوێندکاران لە ئێگایی تەماری ناوەند، کە موتەبع بەدواداچوونی بۆ کردووە ،وتی : وەزارەتی خوێندنی باڵا لە سێ ساڵی ڕابردوودا هەوڵی زۆری داوە بۆ پەرەپێدانی ژینگەیەکی تەندروستی خوێندن و زیادکردنی توانای وەرگرتن، و لەم ماوەیەدا 54 کەڵێژ، 292 بەشی زانستی و 70 لقی پسپۆڕی نوێ کراونەتەوە، کە بەرزترین ڕێژەی دامەزراندنی پێکهاتەی زانکۆییە لە مێژووی خوێندنی باڵای عێراقدا.

ووتیشی : نزمترین ئاستی نمرەکانی وەرگرتن لە پزیشکی گشتیدا 99.57%، و لە پزیشکی ددانداو 98.67% لە دەرمانسازیدا 98.29% بووە.

وەزیری خوێندنی باڵا ئاماژەی بۆشدا : کە ڕێنمایی دراوە بە زانکۆکان بۆ دەستپێکردنی تەمارکردنی خوێندکارە وەرگیراوەکان و کردنەوەی دەروازەی سکاڵای دیجیتاڵی بۆ ئەو خوێندکارانەی کە وەرگیرانیان دەرنەکەوتووە یان مەرجەکانیان دیگرتەوە.